# خەباتی شاخ مەفرۆشنەوە

# و

# بە خزمەتگوزاریەکان ئاشنامان کەن

**کارمەند بەکر**
Karmand83atv@yahoo.com

ئاشکرایە کە 12/15 وا بڕیارە کە هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی عێراق بکرێت ، ئەوەی کە جێگای باس بێت بە شداری کردنی کوردە لەو هەڵبژاردنە و هاندانی جەماوەرە لە لایەن حزبەکانەوە بۆ ئەوەی زۆرترین بەشداری هەبێت و بێگومان کارکردنیش بۆ ئەوەی کە دەنگ بە لیستی 730 یش بدرێ ، بەڵام ئەوەی کە جێگای سەنج دان بێت فرۆشتنەوەی خەبات و تێکۆشانی ئەحزابی کوردیە بە جەماوەر کە لە شاخ کراوە و ئێستا فرۆشتنەوەیەتی بە جەماوەر .

لە هەموو دنیادا کە حزبێك دێت و ریکلام بۆ خۆی دەکات بۆ ئەوەی کە زۆرترین دەنگ بۆ خۆی کۆبکاتەوە  هەم باسکردنی خزمەتگوزاریەکانیەتی کە لە دەسەڵات دا پێشکەشی کردوە و لە بەرامبەریشدا باسی پرۆژە و کارەکانی دەکات بۆ ئەوەی کە لە داهاتوودا چی دەکات ، کامانەن ئەو پاڵێوراوانەی کە دەسنیشانی کردوون بۆ ئەوەی کە هاوڵاتی بیناسێت و دەنگی بداتێ ،  چونکە شیاوە منی هاوڵاتی ئەو حزب یان ئەم حزب نەبم بەڵام دەبینم کە پاڵێوراوێکی کە ژمارە ئەوەندەیە لە لیستەکەداو دەربچێ توانای ئەوەی هەیە کە دەرچوو هەم داکۆکی کەرم بێت و هەم توانای ئەوەی هەیە کە شیاوی ئەو پۆستە بێت .

لێرەدا دەبێت بێینەوەو باس لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بکەین، من تاوەکو ئێستا نازانم کێ لەو لیستەدایە ( نازانم ئەگەر بە س من بم) کەواتە یا منی هاوڵاتی کوێرانە دەنگ دەدەم و یا ئەوەتا دەبێت دەنگ نەدەم ، ئەوەندە دەزانم کە بەردەوام گوێم لێیە باسی شۆڕشگێری خەباتی شاخ دەکەن ،من پێم وایە کە زۆربەی هاوڵاتی ئێمە بە ئەم دەنگ دانەشەوە لەسەر پەیوەندی خوێن دەنگ دەدا و ئاگایی لە بەرنامەی هیچ کام لە حزبەکان نییە کەواتە یەکێك لە مەترسیترین هوشیاری کۆمەڵگا و هەنگاونان بۆ دیموکراسی و ئاڵوگۆڕ لە دەسەڵات دا پەیوەندی خوێنە ، دیارە هەمووکەسێك ئازادە لەوەی دەنگ بۆ کێ ئەدا بەڵام کە تۆ نەزانی لەسەر کام بنەما دەنگ ئەدەی ئەمەیان کارەساتە .

ئەحزابی کوردی هەر کاتێك مەترسی لەسەر بوو هانا دێنێتەوە بۆ جەماوەر و بەشان و باڵی دا هەڵدەدا و ئەو کاتەی کە هەڵبژاردنیش تەواو دەبێت  ئەوەی کە حسابی بۆ ناکات جەماوەرە ، لە بەرامبەر ئەوەش دەبێت هاوڵاتیان ئەمەیان لە بەر چاوبێ کەدەسەڵات چیان لێ دەکا و چۆن بەکاریان دەهێنێ .

لە ئێستادا هەردوو حزبی دەسەڵاتداری کوردستان باسی خەبات و شۆڕشگێری خۆیان بە خەڵکی دەفرۆشنەوە و ناتوانن بە کارو چالاکی دوای راپەڕین و ئێستای دەسەڵاتیان جەماوەر بۆ خۆیان راکێشن یان دێن خەڵکانێك کەدەکرێ بڵێین نا هوشیارن بەوە سەرنجی رادەکێشن کە بۆ پاراستنی قورئانە .

 سەرەتایترن مافی هەر هاوڵاتیەك  شوێنێکە بۆ ئەوەی تیایدا بژی و دابین کردنی ئاو و کارەبا و سوتەمەنی یە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە کە سەرەتایترین پێداویستیەکانی خەڵکی دابین کەن ؟ ئەی چۆن ئەو ودوای داواکاریەکان دابین دەکەن کە تاوەکو ئێستا شتێکی ئەو تۆیان نەکردووە .

خەڵکی کوردستان لە دەسەڵاتی کوردی تووڕەن و بەڵام لە بەر ئەوەی کە رێبەرێکی نەبووە کە سەرپەرشتی بکات و نەیەڵێت ئەو وزەیەیان بە فیڕۆ بچێت ، نەتوانراوە نە دەسەڵات بگۆڕدرێت و نە چاکسازی ئەو تۆش کراوە کە جەماوەر رازی کا ، لێرەوە یەکگرتووی ئیسلامی کە بە لیستێکی سەربەخۆ دابەزیووە پێم وایە کەوتۆتە ئەو هەڵەیەی کە پێی وایە جەماوەری تورە بۆ لای خۆی رابکێشێ چونکە خەڵکانی ئێمە هێندە وشیار نین و لە بەرامبەریشدا یەکگرتوی ئیسلامی نەبۆتە بەدیلی حزبی دەسەڵاتدار چونکە یەکگرتووی ئیسلامی بە کەموکوڕیەکان و گەندەڵی دەیەوێ  دەنگی هاوڵاتیان بۆ خۆی راکێشێ و لە کاتێکدا خۆی لە گەندەڵی و کەم و کوڕیەکانیش بەشدارە ،چونکە دەبینین کە دوو وەزارەتی بە دەستەوەیە لە هەردوو حکومەتەکە چۆن دەیبا بەڕێوە و؟ لێرەش ئەو

پرسیارە دێتە پێشەوە کە یەکگرتوو دەسەڵاتی تەواوی نییە تا وەکو وەزارەتەکان بە باشە بەڕێوە بەریّ؟ ، ئەی کەواتە بۆ لە پۆستەکاندا ماوەتەوە؟ و دەبیّ قبوڵی کا کە ئەویش گەندەڵە و خاوەنی کەم و کوڕیە .

دوو لیستی کوردی کە ئێستا کێبڕکێی یەکتر بکەن و دەنگەکان لە نێوانیاندا دابەش بێت لیستی هاوپەیمانی کوردستان و لیستی یەکگرتووی ئیسلامیە ، بەڵام کامیان زیاتر خاوەنی گەندەڵیە و کامیان زیاتر ئومێدی ئەوەی لێدەکریّ کە کار بۆ جەماوەر بکا لە ئاستی ناوخۆ و لەئاستی عێراقیش کار بۆ سنوری کوردستان و کەرکوك و یەکسانی داهاتی عێڕاق دەکا ئەوە پرسیارێکە و دەبێت حزب وەڵامی هەبێت و جەماوەر لێکدانەوەی بۆ بکا ، کام لەم دوو لیستە کاری بۆ کوردایەتی کردووە و کامیان نا ئومێد مان دەکا؟